Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf-2019-30

# کاریگەریو جێکەوتەی سیاسەت لەسەر سیستمی پەروەردەی خێزان

## لێکۆڵینەوەیەکی ( وەسفی شیکاری )یە لە باشوری کوردستان

**کەژاڵ محمد احمد**

دواناوەندی مهابادی کچان, بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە.

***Article Info***

Received: June, 2019

Revised: July, 2019

Accepted: August, 2022

***Keywords***

کاریگەری, سیاسەت, جێکەوتەی سیاسەت, خێزان.

***Corresponding Author***

kazhalmhamad16@gmail.com

## پوختە:

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە هەوڵدەدات بۆ گواستنەوەی بەهاو نۆرم و رۆڵ و رەفتاری کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی سیاسی بەشێکە لە (نسق)ی کۆمەڵایەتی لە لایەن تاکە نوێکانەوە بەدەستدێت بۆ ئەوەی فێری رەفتارێکی سیاسی دیاریکراو بن، یارمەتیان دەدات بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوەوهەستکردن بەو (نسق) سیاسیەی تیایدا دەژی. سەرچاوەکانی پێگەیاندنی سیاسی بریتیە لە خێزان، قوتابخانە، حیزبی سیاسی و رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی و رێکخراوە جەماوەرییەکان, دەزگاکانی راگەیاندن و سەرکردە.

خێزان رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێناو هێنانەدی پەروەردەی کۆمەڵایەتی تەواودا، گرنگترین شوێنە بۆ پێگەیاندنی سیاسی. قوتابخانە یەکێکە لە پایە بونیادیەکانی کۆمەڵگا هەڵدەستێت بە پەروەردەی رۆڵەکان و پێگەیاندنیان لەسەر رێڕەوی ئەو فەلسەفەیەی دیاری کردووە، کاریگەرە بە گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا، دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە یارمەتی کۆمەڵگا دەدات بۆ دروست بوونی هاووڵاتی چاکساز. دەزگاکانی راگەیاندن، دەزگاکانی راگەیاندن و سۆشیال میدیا لە سەردەمی نوێدا پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. ئەم دەزگایە کاریگەری زۆر دروست ئەکات لەسەر پێگەیاندنی سیاسی. حیزبی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم رۆڵێکی زۆر تا رادەیەك وەك خێزان لە پێگەیاندنی سیاسیدا دەبینێ. ناتوانی لە هیچ دەزگایەکی سیاسی لە کۆمەڵگا تێبگەین لە رووی پێکهاتەو پیشەو پەیوەندی ناوەوەو دەرەوە، ئایدلۆژیاو جۆری رەفتارو کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان بێ لێکۆڵینەوە لە حیزبی سیاسی.

پلان لە پێناو گەشەی کۆمەڵایەتیدا پێداویستیەکی بنەڕەتیە نابێت پشتگوێ بخرێت، چونکە زامنی راگرتنی بالانسە لە نێوان بەش و ناوچەکانداو بەدەستهێنانی ئەنجامی خێرایە لە گەشە بە کورتترین کات و کەمترین هەوڵدان و تێچوو. کاریگەری نەرێنی سیاسی لەسەر ژینگە (کشتوکاڵ، پیشەسازیی، سامانی سروشتی) کاریگەری زۆری هەیە، دەسەڵاتی سیاسی پۆزەتیڤ جۆری ژینگەی کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون بە پێی پلان بۆ خێزانەکان دیاری دەکات، پیشەسازی کێشەی پیس بوونی ئاوو هەوای بۆ خێزانەکان دروست کردووە، سامانی سروشتی یەکێکە لەو سامانەی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خێزان, ئەگەر بە شێوازێکی باش بەکاربهێندرێت لە پێناو خۆشگوزەرانی خێزاندا. پرۆسەی گەشەو کرانەوە پرۆسەیەکی قورسەو ئاسان نیە پێویستی بە پلانە بە تایبەت کاریگەریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، لەو مەترسیانە کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی خێزانی کوردی بریتیە لە خوو رەفتارە نێگەتیڤەکان وەکو رەگەزپەرستی و چینایەتی و تۆڵە سەندنەوە. دەمارگیریی، دوژمنایەتی و رێزنەگرتن لە ئافرەت.

ئەم کێشانە ئەگەر بە شێوازێکی بابەتی و بنەمایەکی زانستی چارەسەر نەکرێت بەرەو خراپتر ئەڕوات، پێکدادان دروست دەکات لە نێوان کلتووری باوو پێشکەوتنی سەردەم. بە هۆی خێرایی پێشکەوتنی ژیاری و لەسەرخۆیی لە گۆڕانەکانی (بەهاو نۆرم و خووەکانی) کۆمەڵگا کێشەی ژیاری دروست ئەبێت. بەبێ رەچاوکردنی لایەنی سایکۆلۆجی کۆمەڵگاو پێگەکەی، خودی گەشە ئەبێتە کێشە بۆ خێزان و کۆمەڵگاز گەندەڵی و دەسەڵاتی سیاسی یەکێکە لە هەر کاریگەرترین لەسەر خێزان، چونکە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ مەبەستی نارِوون و نەخوازراو لە پێناو بەرژەوەندی کەسی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵ دەخاتە مەترسیەوە.گەندەڵی سیاسی، چالاکیە نایاساییەکان ئاسانتر دەکات وەکو کوشتن، دزی کردن, لادانی رەفتار, مادەی هۆشبەر، سپی کردنەوەی پارە، لەشفرۆشی. زۆربەی ئەزمونەکانی گەشەسەندن هاوکات بووە لەگەڵ گەندەڵی سیاسی و ئیداری و (سامان- مالی)، بەڵام گەشەی بەردەوام (التنمیە المستدامە) زۆر گرنگەو پێویستە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و باڵادەست بوونی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی:

گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی، تاك تیایدا نۆرمو بەهاو بیرو باوەڕو ئاراستەکان وەردەگرێت لە کۆمەڵگادا، پێگەیاندنی سیاسی بەشێکە لە( نسق )ی کۆمەڵایەتی، تاك تیایدا فێری ڕەفتاری سیاسی دەبێت کە کاردەکات بۆ دروستبونی ( zitizen ship ) هاوڵاتی بون لە سەرچاوەکانی فێربونەوە وەردەگرێت وەك ( قوتابخانەکان )، خێزان گرنگترین شوێنە بۆ پێگەیاندنی سیاسیو کۆمەڵایەتی، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاك هەر لە منداڵییەوە تا تەمەنی پێگەشتن، تاك لە خێزاندا فێری بەهاکانو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت کە کاردەکاتە سەر چەسپاندنی کەسیتی لە دواڕۆژدا پێگەیاندنی سیاسیش لە خێزاندا لەگەڵ بەهاو نۆرمەکانی تردا گەشە دەکاتو سەرەتا بەشێوەی لاساییکردنەوەو دواجار لە تەمەنی پێگەشتن تاك خۆی بڕیار دەدات کە چۆن ئاڕاستە بێت، ئەم کاریگەریەی خێزان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خێزان زۆر بە ئاسانی دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر تاکداو پڕۆسەی پێگەیاندنی تاك هەر لە منداڵییەوە ئەنجام بداتو ئاڕاستەی بکات.

قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێگەیاندنی سیاسی، ئەو سستمە پەروەردەییەوە کە هەیەتی لە دوای خێزان، جگە لە پرۆگرامی قوتابخانە کە کاریگەری ڕستەوخۆی هەیە لەسەر ئاراستەو پێگەیاندنی سیاسی لای قوتابی، هەروەها چالاکیەکانی تری تایبەت بە ڕاهێنانی مەدەنی ( Civil Taining ) بە سستمێکی تایبەت قوتابی فێری چەندین چالاکیو ڕاهێنان دەکات، هەندێك جار قوتابخانە ڕەفتاری نەشیاو قوتابی ڕێك دەکاتەوە، بۆیە کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی دەرونیو پەروەردەیی، کاریگەری قوتابخانە کاتێك زیاترە ئەوبەهایەی قوتابی وەریدەگرێت گونجاو بێت لەگەڵ ئەوبەهایەی لەسەرچاوەکانی تری پێگەیاندنەوە وەریدەگرێت.

ڕاگەیاندن بەیەکێك لە سەرچاوەکانی پێگەیاندنی سیاسی دادەنرێت کاریگەری خێرا دەگوازێتەوە بۆناو کۆمەڵگا، زۆر لەدەسەڵاتەکان هەوڵ ئەدەن دەست بگرن بەسەر ئەم دەزگا هەستیارە کاتێك دەیەوێت بمێنیتەوە لەدەسەڵات و پارێزراو بێت ,لێکۆلینەوەی تایبەت هەیە سەبارەت بەوەی ڕاگەیاندن زۆربە ئاسانی دەتوانی گۆڕانکاری گەورە لەتێگەیشتن ورەفتاری سیاسی تاکدا بکات چونکە تاکە سەرچاوەی زانیاری ڕووداوەکان وپیشهاتەکانە.دەزگای ڕاگەیاندن هەندێ جارهێندە بەهێزە کێبەرکێ لەگەڵ دەزگاکانی تری پێگەیاندنی سیاسیدا دەکات.

حیزبی سیاسی ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ نزیك لەڕۆڵی خێزان لە پڕۆسەی گەشەی سیاسی ناتوانین لەهیچ دەزگایەکی دیکەی کۆمەلگا بکۆلینەوە لەڕووی پێکهاتەکانی و پیشەو پەیوەندی ناوەودەروەو ئایدولۆژیاورەفتارو کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەبێ لێکۆلینەوەو شیکردنەوەی حیزبی سیاسی، حیزبی سیاسی گرنگترین دەزگای سەردەمە کە کاریگەری لە ڕێڕەوی ڕووداوی سیاسی لەکومەڵگادا دەکات و جێکەوتەوی ئەم ڕووداوانە لە بونیادو پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەلگا بەدەردەکەوێت.

لەبەشی دووەمدا ئاماژە بەکاریگەریە نەرێنیەکانی دەسەڵاتی لەسەر خێزان کراوە هەروەها گرنگی پلان کەشێوازێکە لەرێکخستن بۆ گەشتن بە ئامانج لەسە رئاستی نەتەوایەتی

لە پێناوگەشتن بەگەشەی ئابوری وکۆمەلایەتی.

گەشەی سیاسی کاریگەری هەیە لەسەر ژینگەو لەویشەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەلگا سرووشتی ژینگەو زۆربونی دانشتوان وگۆڕینی خاکی کشت و کالی بەشمەك بە واتای سەرمایەداری بالانسی ئیکۆلوجی لادیکانی شیواندوە لە ولاتانی جیهانی سیهەم.

کیشەکانی پیشکەوتنی پیشەسازی و کێشەکانی ژینگە کەبەهۆی پیسبونی ئاوهەوا کاریگەریان لەسەر تەندروستی هەیە ،دۆزینەوەی حاڵەتی تەندرووست لەنێوان ژینگەی پیشەسازی ومرۆڤدا.دەسەڵات دەتوانێ پلانی هەبێت بۆ پاراستنی سامانی سروشتی بۆ ئەوەی باشتر بەکار بهێنرین و بەڕێوە ببرێن سامانی سروشتی بەیەکێك لە هەرەگرنگترین فاکتەرەکان دادەنرێت کەدەتوانێت بەڕێژەیەکی بەرچاو ئاستی گوزەرانی تاك بەرز بکاتەوە ئەگەر بەشێوازیکی پلان بۆداڕێژراو بەکاربهێنرێ.

ڕەفتاروخوی نێگەتیڤ وکو ڕەگەز پەرەستی ،چینایەتی، تۆلە سەندنەوە، دەمارگیری،دوژمنایەتی ورێزنەگرتن لەمافی ئافرەت دیارترین کێشە کۆمەڵایەتیەکانن کاریگەریان دەبێت لەسەر کرانەوەی کۆمەڵگا بەڕووی پێشکەوتنی بەدەزگابون و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجی سەردەم.لەبەرچاوگرتنی سەرمایەی مرۆیی ئەمرۆ لەجیهاندا کاری جیدی لەسەر دەکرێت ،هەندیك دەسەڵات لەغیابی پلان بۆداهاتووی نەوەکان گەنج وەکو بارقورسیەك ئەبینێ بەسەر کۆمەڵگاوە ،بەڵام ئەودەسەڵاتەی پلانی بۆنەوەکانی داهاتوو هەیە گەنج وەکو سەرمایەیەکی گرنگی نیشتمانی ئەژماردەکات وبەچارەسەرکاری کێشەکان بۆی دەروانێت.

گەشەو گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر هەندێك جار دەبێتە کێشە بەهۆی ناهاوسەنگی لە نۆرمی کۆمەلایەتیو گەشەی خێرای کۆمەڵگاداگۆڕانی خێرا ( تێکەڵبونی پێوەرەکان –ئەنۆمیا (Anomia- دێتە کایەوە لە کۆمەڵگا، یەکێك لە گرنگترین دیاردەکان لە تێکەڵ بوونی پێوەرەکان دەردەکەوێت، هەڵوەشانەوەی خێرای جومگەی ئاکاری کۆمەڵگایە ئەبێتە خۆرەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان، گەشەی خێرای تکنتۆجیا هەڵوەشاندنەوەی خێزانی ئاسان دەکات، مرۆڤ وەکو ئامێر کاردەکاتو تواناکانی داهێنان کاری لەناو دەبات، زانایانی خۆرئاوا گرنگی زۆریا داوە بە سەقامگیری کۆمەڵایەتیو دژی گۆڕانی خێرا بوونو گرنگی زۆریان بە پێوەر داوە بۆ کۆمەڵگا، چونکە ئارامیو سەقامگیریو

بونیەی کۆمەڵایەتی بەندە بە دامەزراوی سستمی نۆرم لە کۆمەڵگادا. گەندەڵی سیاسی کاریگەری نەرێنی گەورەی هەیە لەسەر کۆمەڵگا، کێشەکە لەوەدا گەورەتر دەبێت گەندەڵی سیاسی چالاکیە نایاساییەکان ئاسانتر دەکات... بۆیە ڕونی و شەفافیەت لەکاری دەوڵەتدا گرنگە، هەروەها دەستەڵاتی دانایانە (الحکم الرشید) واتە دانایی لە بەکارهێنانی سەروەت و سامان و باش هەڵبژاردنی سیاسەتی ئابوری و لێپێچینەوەی یاسایی لەسەر بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و ئەنجامدەرانی گەندەڵی.

سیاسەتی هەڵەی دەستەڵات متمانەی کۆمەڵگا لەدەست ئەدات لە ڕوی ئاکارییەوە، ئەو تێڕوانینە نامێنێت بۆ پیشەو کار وەك پێویستی یەکەمی ژیان، (الإختراب السیکولوجی) ڕووئەدات و خەڵك بەشداری لە پرۆژەکانی دەستەڵاتدا ناکات کە ڕاستگۆیی لە دەستداوە، گەشەی بەردەوامی (التنمیە المستدامە) زۆر گرنگە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و بۆ دەست باڵا بونی یاسا و سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەڵامدانەوەی پیداویستی هاوڵاتیان بۆ ژیانێکی ئاسودەو ئازاد کەیارمەتیدەرە بۆ بەشداری لە بڕیاری سیاسی و ئابووری لەلایەن خەڵکەوە کە دەکرێت گەشەی خوازراو بێتە کایەوە بەبێ ئەوەی بەرپرسانی دەوڵەت دەوڵەمەند بن.

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

گرنگی سیاسەت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە کاریگەری لەسەر ژیانی گەلان هەبوە هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە، ئەم کاریگەریەش لەسەر مرۆڤیش هەبوە هەر لەدایکبونیەوە تا مردنی، هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە بە سیاسەت کراوە، یان دەستەڵاتی سیاسی چاودێری دەکات، تائێستا سیاسەت لە هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا بونی هەیە.

کاریگەریەکانی سیاسەت بەمانا گشتیەکەی لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەهەموو بوارەکانی وەك: ( پەروەردە، ئابووری، زانستی دەرونی، زانستی کۆمەڵناسی )ەوە هەیە، ئەمانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەو کاریگەریانەی کە ئاڕاستەی خێزان ئەکات و دەگۆڕێت وەکو یەکەمین و گەورەترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی بارودۆخی ناجێگیری وڵاتانی سێهەم دەریدەخات، بەهۆی نالەباری بارودۆخی (ئابوری، سیاسی، ڕۆشنبیری) کاردەکاتە سەر بارودۆخی ناجێگیری خێزان.

گرنگی بابەتەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، گەشەو گۆڕانی سیاسی کاردەکاتە سەرتاك لەرێرەوی ژیانیدا، هەرچەندەکاریگەرییەکان زۆربن ولەیەك جیاوازبن سەرەنجام ئەرژێتە ناوچوارچێوەی خێزان.

## کێشەی لێکۆلینەوە:

1-کێشەی لێکولینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە سیاسەت وئەداکردنی لە وولاتانی سێهەم و بەتایبەتی هەریمی کوردستان کە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆ نیە ،بەشێوازیکی هەلە ئەدا ئەکریت، سیستمی سیاسی ئەگەر بەشیوازە نیگەتیڤەکەی بەکاربهێنری کۆمەلگا بەرەو دارمان ئەبات و کاریگەری راستوخۆی لەسەرخێزان هەیە.

2- خێزان وەکو یەکەیەکی کۆمەلایەتی ناسراوە، کەکاری پەروەردەکردن وئاراستەکردنی تاکەکانی خێزانی لەئەستۆیە بە شیوەیەکی تەندرووست، لەکاتێکدا ئەگەر سیستمی سیاسی ستراتیژی نادیارو نارون بیت کاریگەری راستەوخۆی دەبیت لە سەر پەروەردە لەهەموو سێکتەرەکانەوە، بەتاییەتیش کاری پەروەردە لەمەودایەکی دوردا کاریگەری دەرئەکەویت، پیچەوانەی کاری سیاسی بە پیی رۆژ بریارەکان وئاراستەکان ئەگۆرن.

## پرسیاری لیکۆلینەوە:

1- بۆچی سیاسەت کاریگەری لەسەرخیزان دروست ئەکات؟
2- ئاسایشی سیاسی تاچەندە پەیەوەستە بەئاسایشی کۆمەلایەتیەوە؟
3- ئایا پیگەیاندنی سیاسی کاریگەری لەسەرتاکی خیزان هەیە ببیتە تاکیکی کاریگەر خزمەت بەخیزان وکومەلگا بکات؟

## ئامانجی لیکۆلینەوە:

ئامانج لەم لیکۆلینەوە تیشك خستنە سەر کاریگەری رووداوو گورانکاریە سیاسیەکانە، لەسەر ئاراستەکردن ی ژیانی کۆمەلایەتی و پەروەردەیی وئابووری خیزان.

## پیناسەی لێکۆڵینەوە:

1- خیزان (familly): بریتیە لەریکخراویکی کۆمەلایەتی، لەچەند تاکیك پیکدین و پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی ورۆحی وخوین پیکەوەیان دەبەستیتەوە، وەئەم پەیوەندیانە خیزانی مرۆڤ جیادەکاتەوە لەخیزانی ئاژەلی*.
2- پیگەیاندنی سیاسی (politicall soialization): بریتی لەو پرۆسیسەی کە تاك تیایدا زانیاری و راستیەکان و بەهاکانی بەدەست ئەهینێ، لەریگەی ئەوەو هەلوێستەکانی و ئاراستە فیکریەکانی و کەکاریگەری لەسەر رەفتاری رۆژانە، ئاستی کاریگەری سیاسی لەکۆمەلگا دروست دەکات.

# بەشی یەکەم

## گەشەپێدانی سیاسی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە تاك تیایدا نۆرم و بەهاو بیروباوەڕو ئاڕاستەکان وەردەگرێت لە کۆمەڵگادا.[1]

یان پرۆسەیەکە هەوڵدەدات بۆ گواستنەوەی بەهاو نۆرم و ڕۆڵ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.[2]

[1] موریس دوفرجیه، علم الإجتماع السیاسي، ت/سلیم حداد، بیروت. دةزطاي جامیعة بؤ دراسات و لیَكؤلَینةوة، 1999، ص 99.
[2]سةرضاوةي ثیَشوو.

کاری سیاسی بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە وەریدەگرن، بە تایبەتی پرۆسەی سیاسی لە ژیانی رۆژانەدا بە دەست دێت لە رێگای پێگەیاندنی سیاسیەوە.

پێگەیاندنی سیاسی، پرۆسیسێکی بەردەوامە بەشێکە لە (نسق)ی کۆمەڵایەتی، لە لایەن تاکە نوێکان بە دەستدێت بۆ ئەوەی فێری رەفتارێکی سیاسی دیاریکراو بن یارمەتیان دەدات بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوەو هەستکردن بە (نسق)ی سیاسی کە تیایدا دەژین. لەم رێگایەوە تاکەکان فێری ئاراستەی سیاسیەکان ئەبن و جۆری رەفتاری سیاسی بە شێوەیەکی تایبەت.[3] ئەم دوو چەمکە پێکەوە گرێدراون، چونکە پێگەیاندنی سیاسی دواجار لەناو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە ئەنجام دەگات. دیاریکردنی چەمکی (پێگەیاندنی سیاسی) گرنگی زۆری پێدراوە لە لایەن زانایانی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسانەوە، هەروەها چۆنیەتی رووداوی ئەم پرۆسەیە لە سەدەی بیستەم، کە هەریەک لە ئەڵمانیاو فەرەنساو بەریتانیا، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ئامانج تیایدا هەوڵدەدات چۆنیەتی دەرکەوتن یان دروستبوونی (Citizen Ship) بیرۆکەی هاووڵاتی بوون لە رێگای لێکۆڵینەوە لە ئەو دەزگایانەوە پێی دەوترێت راهێنانی (مەدەنی) شارستانی، بە تایبەتیش دەزگاکانی فێرکردن (قوتابخانەکان).[4]

لێکۆڵینەوەکانی زانایانی کۆمەڵناسی جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە پێگەیاندنی سیاسی بە تایبەت قوتابخانەو زانکۆکان.

دزگاکانی پێگەیاندنی سیاسی:

1-خێزان.

2-قوتابخانە.

3-حیزبی سیاسی و رێکخراوی کۆمەڵایەتی.

4-رێکخراوە جەماوەرییەکان.

5-دەزگاکانی راگەیاندن.

6-سەرکردە.

هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر چوار سەرچاوە، لەوانە:

(خێزان – قوتابخانە- دەزگای راگەیاندن – حیزبی سیاسی)

1-خێزان: خێزان رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێناو هێنانەدی پەروەردەی کۆمەڵایەتی تەواودا، تا ئێستا خێزان رۆڵی ئیجابیانەی خۆی پاراستووە لە پێگەیاندنی تاك، دروستبوونی کەسایەتی تاك لەسەر خێزان وەستاوە بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو.[1]

هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە خێزان گرنگترین شوێنە بۆ پێگەیاندنی سیاسی، کە ئەمەش گریمانەی ئەوەمان دەداتێ کە ریشەی ژیانی سیاسی تاکی پێگەیشتوو لە ژیانی منداڵیدایە، هۆکارەکانی تر کاردەکەن بۆ قوڵبوونەوەو پاککردنەوەو چاککردنەوەی لەسەر ئەم بنەمایە خێزان یەکێکە لە فاکتەرەکانی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەگەر گرنگترین نەبێت. خێزان رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینی لە فێرکردنی منداڵ بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهاکانی کۆمەڵگا، یارمەتی دەرە بۆ بەرەوپێش چوونی کەسایەتی تاك لە کاتی تێپەڕبوون بە قۆناغەکانی تەمەنداو هەروەها چەسپاندنی ناسنامەی تایبەتی کەسایەتی منداڵ.[2]

خێزان بۆ تاکی مرۆڤ گرنگترە لە دەوڵەت، چونکە جێگای دروستبوونی چەتری کۆمەڵایەتیەتی کۆمەڵگای گەشەسەندوو ئەوەیە کەتاك و لەناو خێزانەکەیدا بە شێوەیەکی سروشتی گەشەی سەندبێت.

خێزان یەکەم دەزگای بونیادیە کە کاریگەری بۆ بیرو هەڵوێست و رەفتاری رەوشتی تاك دروست دەکات. گرنگی دەدات بە پێگەیاندنی منداڵ پێگەیاندنێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نیشتمانی، لە سەرەتادا تۆوی ئەو تایبە تمەندیە ئەخلاقیە دەچێنێ لە تاکدا کە کۆمەڵگا بڕیاری داوەو باوەڕی پێیەتی، لەناو خوێنیدا سیستمی بەهاو ئایینی کۆمەڵگاکەی هاتوچۆ دەکات، رەفتارو هەڵسوکەوتی لە هێڵێکی دیاریکراوو گونجاو لەگەڵ باوەڕو پێوەری کۆمەڵگا ئاراستە دەکات.[3] "دورکایم" رۆڵی دایك و باوك و خێزان بە گرنگ دەبینێ بۆ گواستنەوەی پرۆسیسی رۆشنبیریی پێگەیاندنی سیاسی و رۆحی ئایینی، بە تایبەت منداڵ هەموو پێکهاتە رۆشنبیرییەکانی بۆ یەکەمجار لە دایبابەوە وەردەگرێ. تەنانەت لایەنگرو حەزیان بۆ حیزبێك یان سەرکردەیەکی دیاریکراو. ئەمە لە سەرەتای منداڵی دەردەکەوێت، بەڵام لە تەمەنی هەرزەکاری، تاك دەتوانێ جۆرێ لە سەربەخۆ بوون لە بیروبۆچوونیدا هەبێت دەربارەی بیرو باوەڕو حیزب و ئایدلۆجیای سیاسی، بە تایبەت دوای ئەوەی (من، خۆم)ی تایبەتی لە لا دروست دەبێت، ئەمەش زانایانی دەروونناسی جەختیان لەسەر کردۆتەوە، بە تایبەتی خاوەنی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، ئە نجامی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی سیاسی پاڵپشتی ئەوەن وەکو لێکۆڵینەوەی "برنالد برولسون-B. Berelson" دەیخەملێنێ کە نزیکەی 90٪ دەنگی تاکی پێگەیشتوو (راشدین) هاوبەشن لەگەڵ دەنگی دایك و باوکیان دەربارەی هەڵبژێردراوانی سیاسی، چ لەسەر ئاستی سیاسی یان لۆکاڵی یان نەتەوەیی.[1]

---

[3]محمد عبدالرحمن، عبدالله محمد، علم الإجتماع السياسي، بيروت. ماڵی (نهضة) بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، 2001، ص 444.

[4]سەرچاوەی پێشوو.

[1] ناصر، إبراهيم، علم الإجتماع التربوي، بەيروت، ماڵی جيل، ل 166.

[2]ظاهر، أحمد جمال، دراسات في فلسفة السياسة، چاپخانەی (عماد)، 1987، ل 412.

[3]الطبيب، مولود زايد، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، عمان دەزگای عەرەبی بۆ بلاوکردنەوە، 2001، ل 77.

[1] عبدالرحمن، عبدالله محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل 455.

خێزان لە هەموو بوارەکاندا یارمەتی دەرە بۆ تاك، گەشە بە لێهاتوویی و شارەزایی و ئەزموون و ڕاهێنانی دەدات بۆ دەستبەکار بوونی لە رۆڵی کۆمەڵایەتی و کارەکانی و پابەند بوونەکانی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و باش. پێداویستی سۆزداری و هەڵچوونی تێر دەکات، پەیوەندیەکانی ناوەوە ڕێك دەخات لەگەڵ تاکەکانی تری خێزانداو پارێزگاری لێ دەکات لە هەڕەشە دەرەکییەکان کە دێنە سەر ڕێگای.[2]

"ریتشارد داوسن" ئەوانی تر گرنگی خێزان دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: خێزان دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بگات بەو تاکانەی دەیەوێت پێیان بگەیەنێت. لە سەرەتاکانی ساڵی قۆناغی دروستبوون لە تەمەنی تاك، خێزان دەست دەگرێت بەسەر هەموو ڕێگاکانی گەشتن بە تاك، هەندێ لە تیۆرەکان دوو پاتی دەکەنەوە دروستبوونی کەسایەتی گەشەو پێشکەوتنی منداڵ پێگەیاندن لە سەرەتای ساڵەکانی یەکەمدا گرنگە لە پێکهێنانی تایبە تمەندی کەسایەتی و دیاریکردنی ناسنامەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە ئەو (بیر)و بۆچوونانەی کە تاك وەری گرتووە لەو قۆناغەدا گرنگە بۆ ژیانی.

دووەم: بەهێزی پەیوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی یەك خێزان یارمەتی زیاترو گرنگی ڕێژەیی هەیە لە کاریگەری خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندن. هەرچەندە هەندێ گفتوگۆ هەیە دەربارەی رۆڵی دایك و باوك لە فێربوونی کۆمەڵایەتی زیاتر جەخت لە کاریگەری باوك و دایك دەکەنەوە لەسەر سەرەتای منداڵی، بەڵام خێزان دەتوانێ کاریگەری بەردەوامی هەبێت لەسەر تێڕوانینی تاك چ لە رووی سیاسیەوە چ لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بە درێژایی ژیانی.[3]

2-قوتابخانە: یەکێکە لە پایەکانی بونیادی کۆمەڵگا، هەڵدەستێت بە پەروەردەو رۆڵەکان و پێگەیاندنیان روو پۆش کردنیان ڕێنوێنی کاریان بە فەلسەفەو سیستەمەی کە وێنەی کێشاوە و دیاری کردووەبە وردەکاریەکی تەواو، قوتابخانە کاریگەر دەبێت بە بچوکترین تا گەورەترین گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا روودەدات ملکەچ دەبێت بۆ پاڵنەرو هەڵوێستی ئەو ژینگەیەی تیایدا گوزەر دەکات. ئەرکی قوتابخانە بریتیە لە پێگەیاندنی نەوەکان لەسەر بنەمایەك کە کۆمەڵگا دایناوە، بۆیە بریتیە لەو ئامێرو شوێنەی کە تیایدا تاك لە ژیانی پەیوەست بە خودەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژیانی ناو کۆمەڵ. ڕێکارێکە بۆ

---

[2] الحسن، إحسان محمد، علم الإجتماع السياسي، ضاثةمةنيةكاني زانكؤي موصل، 1984، ل 236.

[3] داوسن، ريتشاردو ئةواني تر، التنشئة السياسية، بلاَوكراوةكاني زانكؤي ظاريونس، و مصطفى ميثم، د. محمد زهي المعيريي، 1990، ل 145.

ئەوەی تاك تیایدا وەکو مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی ئەندامێکی کاریگەرو کارا لە کۆمەڵگادا دەربکەوێت.[1]

سەرنج بدەینی دەبینین قوتابخانە لە تەمەنی شەش ساڵیەوە پێشوازی لە منداڵ دەکات، تیایدا تەمەنی منداڵی دواکەوتوو (المتأخره) تەمەنی هەرزەکاری کە بە ترسناکترین قۆناغ دادەنرێت لە بونیادی کەسێتیداو چاندنی بەهاو چەمك گواستنەوەی شارەزاییە جۆربەجۆرەکان و هەستان بەو کارە پەروەردەییەی کۆمەڵگا داوای دەکات.[2]

پەروەردە (Education) سیستمێکی کۆمەڵایەتیە، کە میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەر کۆمەڵگاو دەوڵەتێك، هەروەها ئەرکی خۆی هەیە کاتێك پەروەردە وەکو (پرۆسەی گەشە) بڕوانین، گەشە لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکان کە بەسەر کۆمەڵگادا دێت روو دەدات. لە پەروەردەو فێرکردن مرۆڤ وانەکانی یەکەمی لە ئاداب و رەفتارەکان وەردەگرێت لە قۆناغی منداڵی (سەرەتاو تەمەنی منداڵی کۆتایی) هەموو بنچینەکان و جۆرەکانی رەفتار لە هێڵێکی گشتیدا وەردەگرێت.[3]

قوتابخانە رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێگەیاندنی سیاسی، ئەمەش لە لایەن زانایانی دەروونناس و پەروەردە ناسەوە وەکو (تشارلز ماریهام – C. Meeriam) کاتێك ئاماژە بەوە دەکات قوتابخانەی سیستمێکی پەروەردەیی راستەوخۆیە کە هەڵدەستێت بە پرۆسەکانی راهێنانی مەدەنی (Civil Training) جیاواز لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی گشتی کە قوتابخانەکان پێی هەڵدەستن، قوتابیان فێرخوازان یەکەم پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە قوتابخانەکانەوە وەردەگرن ئیدی لە ڕێگای کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە یان چالاکی رۆژانەیان سیستمی ژیانی ئەم دەزگایانە. هەروەها هەڵدەستێت بە پرۆسەی ئامادەکاری و دروستکردنی سروشت و شێوازی هاووڵاتیبوون (Citizen Ship) لای قوتابی.[4]

جگە لەوەی قوتابخانە وەکو پێویستیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت کە کۆمەڵگا پشتی پێ دەبەستێ بۆ تێرکردنی پێداویستی دەروونی و پەروەردەیی هەروەها "دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە یارمەتی کۆمەڵگا دەدات بۆ دروستبوونی هاووڵاتی چاکساز).[5]

---

(1) ناصر، إبراهيم، علم الإجتماع السياسي، سةرضاوةي ثيشوو ل 71.

(2)إسماعيل، الباري محمد، علم الإجتماع الثقافي، ومشكلات الشخصية في البناء الإجتماعي، مةعارف, ئةسكةندةرية، 1982ل 419.

[3] إسماعيل، الباري محمد، علم الإجتماع الثقافي، سةرضاوةي ثێشوو ل 442.

[4]ناصر، إبراهيم، علم الإجتماع التربوي، سةرضاوةي ثێشوو، ل 73.

[5] عبدالرحمن، عبدالله محمد، علم الإجتماع السياسي, سةرضاوةي ثێشوو. ل 44.

تاییەت بە پرۆگرامی خوێندن دەبێت یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئەو تێبینیانەی قوتابی هەیەت لەسەر ئەو جیهانە سیاسیەی تیایدا دەژی، بۆ ئەوەی قوتابی وەربگرێت و وەریگێرێت لە داهاتوودا بۆ رەفتاری کرداری، لەم چوار چێوەیەدا داوسن ( Aichord F. Dawsan ) دەڵێ: کاتێك قوتا بخانە لە پرۆگرامەکانیدا جیهانێکی سیاسی گونجاوو یەکانگیر لەگەڵ تێبینیەکانی قوتابی و گونجاوە لەگەڵ ئەو کەناڵە پێگەیاندنەکانی تر، قوتابی زیاتر ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی وانەی سیاسی کە لە کتێبەکەیدا هەیە. ئەمەش دووپات کراوەتەوە لە یەکێك لە لێکۆڵینەوانە دەربارەی پەروەردەی نیشتمانی ئەنجام دراوە لە ژمارەیەك لە قوتا بخانەی ناوەندی لە ئەمەریکا، لێکۆڵینەوەکە دان بەوەدا دەنێ کە پرۆگرام کاریگەری جۆراوجۆری هەیە لەسەر بەهای سیاسی لای قوتابی. هێزی کاریگەر بوون زیاد دەکات کاتێك گونجاندن هەیە لە نێوان ئەو بەهایەی کە قوتابی لە قوتا بخانە وەریدەگرێت و ئەو بەهایەی لە کەناڵەکانی تری راگەیاندنەوە وەریگرتووە. بە پێچەوانەوە کاریگەریەکە لاواز دەبێت و کەمدەبێتەوە کاتێك ئەو بەهایەی کە پرۆگرامی قوتا بخانە پێشکەشی دەکات بەرهەڵست بێت لەگەڵ نۆرمەکان بەهاکانی دیکە کە لە کەناڵەکانی فێربوونی سیاسیەوە وەریدەگرێت بەهێزتریشە.[1]

هەر بۆیە قوتا بخانە بەو ئەندازەیە گرنگی هەیە وەکو دەزگایەکی پەروەردەیی و سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی گشتی پێگەیاندنی سیاسی بە شێوەیەکی تایبەتی پێویستە گرنگی بدرێت بە جۆری پەروەردەو ئەمەش بە دانانی فەلسەفەی پەروەردەیی خاوەن ستراتیژێکی روون دەبێت.

3-دەزگاکانی راگەیاندن: روونە کە دەزگاکانی راگەیاندن پەیوەندی سوشیال میدیا لە سەردەمی نوێدا پێشکەوتنێك و کاریگەریەتی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەویش بەهۆی را پەراندنی تەکنۆلۆجیەوە لە دەوڵەتانی پیشەشازی پێشکەوتوو، هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن و سوشیال میدیا بە ئاسانی دەگاتە هەموو شوێنێك و سنورەکان دەبرێت کاریگەری زۆر دروست دەکات ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

هەندێ لە حکومەتەکان هەوڵ دەدەن دەست بگرن بەسەر دەزگاکانی راگەیاندن بە جۆرەکانیەوە، بۆ دڵنیایی بوون لە ئاراستەی سیاسی و ئایدۆلۆجی بەو ئاراستەیەی کە دەیەوێت یان بیەوێت پاراستنی و مانەوە لە دەسەلات بپارێزێ، رۆژنامە رێکارێکە بۆ دەربڕینی رای کۆمەڵگا رای تەنها کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی نیە. لە رووی لۆجیك و دیموکراتیشەوە نابێت مولکی کەس بێت، رۆژنامەی دیموکراتی ئەوەیە کە لیژنەیەکی گەل دەری بکات کە پێکهاتبێ لە هەموو جۆرە توێژەکانی کۆمەڵگا بە جیاوازیەکانیەوە.[2]

ئەم دەزگایە کاریگەری زۆر دروست دەکات لە پێگەیاندنی سیاسی، بۆ پالپشتی ئەمە ئەنجامی لێکۆلینەوەی زۆر هەیە. کە فۆکس دەخاتە سەر رۆڵی دەزگاکانی پەیوەندی لە پێگەیاندنی سیاسی. لێکۆلینەوەی ( جنیجز و ئەوانی تر ) دەیخاتە روو کە:

81٪سامپڵی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە زانیاری سیاسی لە تەلەفزیۆنەوە وەردەگرن.

90٪ لە رۆژنامە.

29.3٪ لە رادیۆ.

7.5٪ لە گۆڤار.

لە بەرامبەریشدا 4.5& لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی تردا لە باسەکانی تایبەت بە سیاسەت.[1]

لە ئێستادا دەزگاکانی راگەیاندن و بە تایبەت سۆشیال میدیا بۆ چرکەیەکیش لە ژیانمان دوور ناکەونەوە، ناتوانین بێ ئەو هۆکارە بژین، بۆ بەردەوامی زانیاری لەسەر رووداوەکانی دەوروبەر وەربگرین.

لێکۆلینەوەی زۆر هەیە دەربارەی ئەوەی کە راگەیاندن لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کاریگەریەکانیان بەهێزتر دەبن، ئەتوانێ گۆرانکاری گەورە لە تێگەیشتن و رەفتاری سیاسی تاکدا دروست بکات.[2]

راگەیاندنی جەماوەری راگەیاندنێکە پشت بە فاکتەرە جۆر بە جۆرەکان دەبەستێ بۆ گەیشتن بە خەڵك. کاری راگەیاندن جۆر بە جۆرە کارلێکی کردووە لەگەڵ ژیانی سیاسی، وە رامالینی رووداوەکان، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان زانیاریەکان و ئاشکراکردنیان، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دەسەلات و خەڵك. گواستنەوەی رەخنە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، دەزگاکانی راگەیاندن هەندێ جار هێندە بەهێزە خۆی دەبێتە سەرچاوەی توانای سیاسی کێبرکێ لەگەڵ دەزگاکانی تر پێگەیاندنی سیاسی و دەسەلاتی سیاسی دەکات.[3]

لە وڵاتانی سێیەم زۆر پشت بە راگەیاندن دەبەسترێ بۆ هۆشیاری خەڵك و پێگەیاندنی سیاسی، چاوەڕێ دەکرێ راگەیاندن ئەم کارانە ئەنجام بدات:

(1)الطبیب، مولود زاید، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، سەرضاوەي ثێشوو، ل 81.

(2)الطبیب، مولود زاید، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، سەرضاوەي ثێشوو، ل 87.

(1)عبدالرحمن، عبدالله محمد، علم الإجتماع السياسي، سەرضاوەي ثێشوو. ل 458.

(2) رضا، محمد هلال، التعليم والتنشئة السياسية في العالم العربي، مصر. ئەیمانطاي بەحرەين بۆ طەشەي سياسي، 2015، ل18.

(3) ن، ن، العلوم السياسية، دراسات في نظام الحكم والسياسية، قدس، مركز تخطيط وتطوير المناهج التعليمية. ل 40.

1-دەزگاكانی راگەیاندن بەكار دەهێنرێ بۆ هەست كردنی زیاتر لە ئینتیماو نیشتمان پەروەری. زۆر دەوڵەت لێرەوە پەردەی دواكەوتنی ئابوری چارەسەركردووە یان پەردە پۆش كردووە.

2-فێركردنی لێهاتوویی نوێ، پەیوەندی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان وڵاتانی سێیەم و فێربوون و ئەوەی كە راگەیاندن بڵاوی دەكاتەوە.

3-فێركردنی خەڵك لە بارەی بیركردنەوەو رەفتارو هەڵبژاردنی رێگای نوێ و پێدانی هیوای گۆڕانكاری.

4- پاڵنانی خەڵك بۆ بەشداری كردنی سیاسی و گەیاندنی دەنگی خەڵك بە سەركردایەتی سیاسی بۆ پاراستنی هەستی خەڵك و گرنگی و هەستكردن بە بەشداری كردن.[1]

لە ئەمڕۆشداو بە تایبەت لە شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی، كۆبوونەوەی دەنگی نارەزایی و كۆبوونەوەی سەندیكاو رێكخراوە جەماوەرییەكان، بۆ نارازیبوون لە كاری دەسەڵات (سۆشیال میدیا) رۆڵی گرنگی تیادا بینیوە، تا بە شێوەیەك ناویان لێنا (شۆڕشی سۆشیال میدیا) ئەمەش بە هۆی ئاسان پەیوەندی كردن لە نێوان تاك و خێزان و شارەكاندا.

4-حیزبی سیاسی: هەریەكێك لەو دەزگایانەی باسمان كرد كاریگەری خۆی هەیە تایبەت بە تەمەنێكی دیاریكراو. لەوانە تاك لە تەمەنی گەنجیدا زیاتر ملكەچی ئەو هۆكارانە پێگەیاندنانە بێت كە لە ئەنجامی كاریگەری حیزبی سیاسیەوە، حیزبی سیاسی لە دەوڵەتای سێیەم رۆڵێكی نزیك تا رادەیەكی زۆر لە رۆڵی خێزان دەبینێت لە پرۆسەی گەشەی سیاسی. ئەگەر دابنێین بەوەی كە هەریەك لەم دەوڵەتانە سیستمی دواكەوتوویی هەبێت ئەوا حیزب زۆر لەوە زیاتر دەبێت كە تەنها ئامرازێكی هەڵبژاردن بێت یان كۆبوونەوەیەك دەربڕینی رای كۆمەڵێك بێت لە خەڵك. بەڵكو دەتوانی هەلی كار بۆ ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك دەستەبەركات پەیوەندی لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتدا دروست بكات. حیزب زانیاری دەست ئەخات، رێكخستن دروست ئەكات لە نێوان كۆمەڵە جیاوازەكان، پێشنیاری بەرنامەی نیشتمانی دەكات.[2]

ناتوانین لە هیچ دەزگایەكی سیاسی لە كۆمەڵگا تێبگەین لە رووی پێكهاتەكانی و پیشەو پەیوەندی ناوەوەو دەرەوە ئایدۆلۆژیاو جۆری رەفتارو كارلێكە كۆمەڵایەتی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە بێ لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی حیزبی سیاسی. حیزبی سیاسی گرنگترین دەزگای سەردەمە كە كاریگەری لە رێڕەوی رووداوی سیاسی لە كۆمەڵگا دەكات و جێكەوتەی ئەم رووداوانە لە بونیادو كارلێكی و پێشكەوتن و دواكەوتنی كۆمەڵگا بەدەردەكەوێت.[3]

گرنگی حیزبی سیاسی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كێبڕكێ لەگەڵ یەكتردا بكەن بۆ دەستخستنی سەنتەرەكانی حوكم و دەسەڵات بۆ دەستگرتن بەسەر كاروتواناكانی كۆمەڵگادا، دەبێت حیزبی سیاسی لە وڵاتای سێیەم دەربڕی ئاواتی گەلەكەی و هیواكای كۆمەڵگاكەی بێت. حیزب كاردەكات بۆ دانانی "ستراتیژی گەشەو پلان" بۆ پێشخستنی كۆمەڵگاكەی و گۆڕینی دیدو تێڕوانین و خووی بیركردنەوە، ئیدی بە بەڕێكردنی بارودۆخی تەقلیدی ئەو كات بێت یان گۆڕینی بەرەو باشتر. یان لە رێگای پرۆگرامی گەشەی خێراوە بە جێبەجێكردنی تەكنۆلۆجیای سەردەم و بەكارهێنانی بۆ دژایەتی و دواكەوتویی سەرەتایی و جۆرایەتی. لەسەر ئەم بنەمایە هەموو حیزبێك پاكێجێك دادەنێت تایبەت بە خۆی و جیا لە حیزبەكانی تر. بە شێوەیەك بەرنامە گشتگیر بێت و كار بكات بۆ چارەسەری كێشەكانی جەماوەرو رەچاوی ئابووری و نیشتمانی و تواناكانی دەوڵەت بێت، پرۆگرامی پلانی خوێندن و سیاسەت كە حیزب بانگەشەی بۆ دەكات و پلانی بۆ دائەنێ.[1]

## بەشی دووەم:

**كاریگەریە نەرێنیەكانی دەسەلاتی سیاسی لەسەر خێزان**

گەشەی خێزان و كۆمەڵگا پشتی بەستووە بە گەشەی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی گشتی و گەشەی سیاسی بە شێوەیەكی تایبەت لە رێكاری سیاسی ودانانی پلان و پرۆگرام كە لەم رێگایەوە كۆمەڵگای دواكەوتوو دەگوازێتەوە بۆ كۆمەڵگای پێشكەوتوو، ئەمەش رۆڵێكی گرنگ دەدات بە پێگەیاندنی سیاسی بۆ گۆڕانی بەرەو باشتر, گرنگی ئەمە لەوێدا دەردەكەوێت كە "گەشە" پشتی بە دەزگاكانی كۆمەڵ بەستووە كە لە هەمان كاتدا سەرچاوەن بۆ پێگەیاندنی سیاسی، بە هۆی ئەو گۆڕانانەی بەسەر كۆمەڵگادا دێت لە ئاكامی پرۆسەی گەشە رۆڵی گەورەی پێگەیاندنی سیاسی لە قوڵبوونەوەی هۆشیاری هاووڵاتیان گرنگە بە دروستكردنی رووداوی گۆڕان لە پێناو گواستنەوە لە بارودۆخێكی كۆمەڵایەتی بەرەو بارودخێكی باشتر ئەویش لە رێگای هۆشیاركردنی بەردەوام و چاندنی بەها كە لەگەڵ ئەو دینامیكیەتە ئەگونجێ پرۆسەی گەشە داخوازی ئەكات. پێگەیاندنی سیاسی دەتوانێ رۆڵەكان بە باشی دابەش كات لای تاك بە شێوەیەك بتوانێ بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی نوێ كە پرۆسەی گەشە دێنێتە كایەوە..

**گرنگی پلان و گەشەی خێزان لە كۆمەڵگا:**

پلان لە پێناو گەشەی كۆمەڵایەتی پێداویستیەكی بنەڕەتیەو نابێت پشتگوێ بخرێ. چونكە زامنی تەواوكاری باڵانسە لە نێوان بەشەكان و

[1] الطبیب، مولود زاید، التنشئة السیاسي و دورها في تنمیة المجتمع, سەرچاوەی پێشوو، ل 91.

[2]محمد، محمد علي، دراسات في علم الإجتماع السیاسي، ماڵی زانكۆی میصری، 1977, ل 139.

[3] الطبیب، مولود زاید، التنشئة السیاسیة ودورها في تنمیة المجتمع، سەرچاوەی پێشوو، ل 82.

[1]سەرچاوەی پێشوو، ل 83.

ناوچەکاندا بەدەستهێنانی ئەنجامی خێرایە لە گەشە بە کورتترین کات و کەمترین هەوڵدان و تێچوو.

کێشەی خێزان لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆرە، بەڵام کێشەی ئابووری یەکێکە لە هەرە کێشە قورسەکان کە دەسەڵات ناتوانێت چارەسەری بکات. ئەمەش بە هۆی نەبوونی پلانە "پلان شێوازێکە کە ڕێکخستن کە ئامانج تیایدا بەکارهێنانی شتەکانە بە باشترین شێوەن بە ئەوپەڕی گەشتن بە ئامانجانەی دەیەوێت بەدیبهێنێ لەسەر ئاستی نەتەوایەتی لە پێناو گەشتن بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی" پلان" وەکو ئۆگۆست کۆنت دەڵێ: "زانین، خەملاندن، توانا" زانینی شتێك وامان لێدەکات توانامان هەبێت لە خەملاندن و بەدیهاتنی ئەم خەملاندنە توانای دەداتێ بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکان، پلانی گەشە بۆ کۆمەڵگا لە ڕێگای دیاریکردنی پێداویستی و داواکاریەکانێتی، دانانی پلانێکی گشتگیرو تەواوکارو نوێ بۆ بەدیهاتنی ئەم پێداویستیانە لە چوارچێوەیدا.

دیاریکردنی فاکتەرەکانی پلان بەم شێوەیەیە:

1-دیاریکردنی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگا دەیەوێت لەژێر سێبەریدا گەشە بکات.

2-دیاریکردنی سەرچاوەکانی کۆمەڵگاو دەستنیشانکردنی.

3-دیاریکردنی پێداویستیەکان و ئامانجەمانی کۆمەڵگا.

4-دیاریکردنی ئەو سیستەم و ڕێگایانەی پشتی پێ دەبەسترێ بۆ بەدیهێنانی ئامانج.

5-دیاریکردنی (کاتێکی دیاریکراو) کە ئامانجەکانی تیادا بەدیبهێنێت.[1]

**کاریگەریەکان :**

1-یەکەم: کاریگەری سیاسی لەسەر ژینگەو ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان:

بەهۆی کارلێکی نێوان تاك و ئەو ژینگەیەی تیادا دەژی زۆرێك لە کێشەکان بەهۆی نەبوونی پێگەیاندنی سیاسی تەندروستەوەیە.

أ-کێشەکانی ژینگەی سروشتی و کشتوکاڵ:

کێشەکانی ژینگەی سروشتی بە هۆی نالەباری ئاو هەواو کەش تەلارسازی و پلانەوەیە کە بۆ ژیانی خێزان نابێت. هەندێ جار سروشتی ژینگە یارمەتیدەری خێزان نیە بۆ وەبەرهێنان و گۆڕینی بۆ ژینگەیەکی پۆزەتیڤ کە ڕەنگە هۆکار بێت بۆ بەردەوام بوونی ژیانی خێزانەکان، لە نەبوونی دەسەڵاتێکی پۆزەتیڤی سیاسی نەبوونی پلانی تایبەت لە بەرکاهێنانی جۆری ژینگەو شوێنە تایبەتەکان بۆ کشتوکاڵ و وەبەرهێنان، کە تاکی خێزان تیایدا ئامانجەکانی بەدیبهێنێت ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە چارەسەرکردنی ئەستەم دەبێت. هەروەها زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان وای لە ژینگەی سروشتی

---

[1]ناصر، إبراهيم (د)، علم الإجتماع التربوي، سەرضاوەي ثێشوو. ل .209

کردووە بە تایبەتی خاکی کشتوکاڵی ببێت بە شمەك و بە واتای سەرمایەداری. ئەم قورسایی دروست کردووە هەروەها باڵانسی ئیکۆلۆجی[*] لادێکانی تێکداوە لە وڵاتانی سێیەم.[2]

ب-کێشەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی: پێشکەوتنی پیشەسازی لە وڵاتانی سێیەم کێشەی ژینگەیی دروست کردووە ئەمەش کێشە بۆ کۆمەڵگاو خێزان دروست دەکات، جۆری ئەو کارگانەی کە ئەبێتە هۆی پیسبوونی ڕووبارو هەوا، ئێستا لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی تایبەت دەکرێت لە بواری گەشەی ژینگە. دانانی پلان بۆ پێکهێنان هەڵکردن دۆزینەوەی حاڵەتێکی تەندروست و باش لە نێوان ژینگەی پیشەسازی مرۆڤدا. دەسەڵاتی ئیجابی توانای هەیە لە پلانی گەشە لێکۆڵینەوە بکات لەسەر سیاسەتی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان.

لە چوارچێوەی پاراستنی ئەو سامانانەی باشتر بەکاربهێنرێن و بەڕێوە ببرێن فشار خستنە سەر سامانەکان هۆکاری زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانە زۆربوونی تاکی بەکاربەرە لە ئەنجامی گەشەی ئابووریەوە. بۆیە تا ژمارەی دانیشتوان لە زۆربووندا بێت فشار خێراترو بەهێزتر دەبێت لەسەر بەرهەم.[3]

جگە لەو هۆکارانە، بوونی کارگەی خێرا لە بەرهەم، زۆرێك لە دەستی ئیشەکانی کشاندۆتەوە، ئەمەش بە یەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی تیایدا ڕوودەدات.

ج-سامانی سروشتی: بوونی سامانی سروشتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خێزان، کاتێك بە شێوەیەك دەسەڵات پلانی بۆ دادەڕێژێ و بەکاری دەهێنێ لە پێناو باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵگا لە ڕووی پێشکەوتنی زانستی و خۆشگوزەرانی.[1] پلان داڕێژەری سامانی سروشتی هەر وڵاتێك بە پێی فراوان بوونی دانیشتوان و پێداویستیەکان و هەڵگرتنی یەدەك بۆ نەوەکانی داهاتوو پلان دادەنێت.

ڕێژەی خێرایی کە ئێستا وڵاتانی زلهێز لە کڕین و دەرکردنی سوتەمەنی بەکاری دەهێنن هەروەها جۆرەکانی تری سامانە سروشتیەکان دەبێتە هۆی لەناوچوونی لە کۆتایی ئەم سەدەیە.[2]بۆیە کۆمەڵناسان دەیانەوێت جۆرێك لە باڵانس و هەڵکردنی تاك لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، دۆزینەوەی ڕێگای دروست و زاڵبوون بەسەر کێشەکانی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، ئەمەش بە یارمەتی حکومەت کە دەتوانێ سوود لە پرۆژەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی وەربگرێت و

---

(*) ئيكؤلؤجي: زانستي ذينطةية لێكؤلَينةوة لة طونجاني دانيشتوان و طيانلةبةران دةكات لةطةلأ ئةو ذينطةي تيايدا دةذين.

[2]الحسيني، سيد محمد، دراسات في التنمية الإجتماعية، مالَي مةعارف، ميسر. ض 3، 1977، ل 12.

[3]الطبيب، مولود زايد، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، سةرضاوةي ثێشوو ل 126.

[1]ناصر، إبراهيم، علم الإجتماع التربوي، سةرضاوةي ثێشوو ل88

[2] الطبيب، مولود زايد، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع.سةرضاوةي ثيشوو ل127

کێشانی چوارچێوه بۆ ئەو پرۆژانەو بیانخاتە بواری جێبەجێ کردنەوه، هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی هەستی نیشتمان پەروەری پەیوەست بە خاك و ئاوو و نیشتمان لای تاك.

2-کێشه کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەریان له بەرەوپێش چوونی گەشەی کۆمەڵگاو خێزان:

پرۆسەی گەشەو کرانەوه پرۆسەیەکی قورسەو ئاسان نیه پێویستی به پلان و تواناو هەوڵدانە، قورسە کۆنترۆڵی کاریگەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لاسایکەرەوه. بۆ ئامانجەکانی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا خێزان بالانسی نێوان بونیادە لاسایکەرەوەکان و داواکاریه نوێکان وەربگرین، هەندێ له دەزگاکان رەچەڵەکی کۆمەڵگا هەندێ له عورف و خوو رەفتارو هەڵسوکەوتی نێگەتیڤی هەڵگرتووه لە ناخیدا بۆ تاکەکان، کە رێگره لەبەردەم بەرەوپێش شوونی کۆمەڵگاو خێزان و وەلاخستنی ئەو هەوڵ و ماندوو بوونانەیە کە چەندین لایەن و رێکخراو هەوڵدەدەن بۆ دەرچوون لە بازنەی دواکەوتوویی و دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی خێزان بەرهەمی بهێنن. هەندێ لەو مەترسیانه که هەڕەشەیه بۆ سەر ئاسایشی خێزانی کوردی بریتیە لە خوو رەفتار نێگەتیڤ وەکو رەگەزپەرستی چینایەتی، تۆڵه سەندنەوه، دەمارگیری، دوژمنایەتی، رێزنەگرتن له مافەکانی ئافرەت، ئەم خوو رەفتاره خراپانه رژاوەتە ناو تاکی کۆمەڵگا سەرچاوەکەی خێزانەو کۆمەڵگای لۆکاڵیە، بنەماڵەو خێڵ و سروشتی تەقلیدی له لێکەوتەی کۆمەڵایەتی.[3]

ئەم کێشه کەڵەکه بووانه، ئەگەر بە شێوازێکی بابەتی و بنەمایەکی زانستی چارەسەر نەکرێت بەرەو خراپتر ئەڕوات. تاك رزگار بکات لەو کۆت و بەندەی ناتوانێت پاڵ بنێت بە رەورەوەی گەشەی خێزان و کۆمەڵگاکەی تیایدا دەژی، هەڵسوکەوتی رۆژانەو بیرکردنەوەکانی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی تەکنۆلۆجی بڕوات کە یەکێك لە سیماکانی سەردەمی نوێ.

چەندین پێکدادان دروست دەکات لە نێوان کلتورو پێشکەوتنی سەردەم، هاتنە کایەی ئامێرەکانی پەیوەندی وەکو (ئینتەرنێت، سۆشیال میدیا)، نەبوونی هۆشیاری و رۆشنبیری لە بەرامبەر ئەم پێشکەوتنه، چەندین کێشەو گرفتی هێناوەتە ناو خێزانەکان. گواستنەوەی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی دەبێتە هۆی لاوازی دەسەڵاتی (خێڵەکان) لە کۆمەڵگا وەك دەسەڵاتی خێزان، هەروەها لاوازی پەیوەندیەکانی نێوان یەکەکانی تری کۆمەڵگا.

ئەگەر ناهاوسەنگی رووبدات لەناو خودی دەزگاکانی کۆمەڵگا به هۆی فشاری گۆڕانی خێراوه که کۆمەڵگای دواکەوتوو به خۆیەوە دەبینێ یان لەسەر رێگای گەشەیه، ئەبێتە هۆی نەبوونی هاوسەنگی ناتەواوی لە رێڕەوی گەشه، تەواوکاری واتە رێڕەوی گەشە لە بەشە جیاوازەکان برۆنە پێش بە هاوسەنگ، بۆ نموونە ئەگەر پیشەسازی گەشەی پێبدرێت جیا لە گەشەی خوێندن، یان چارەسەرکردنی کێشەکانی شارو پشتگوێ خستنی کێشەی لادێکان.

هەرچەندە گەشەی ئابووری لایەنێکی باشی هەیە، بەڵام بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی تاك کار دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی خێزان، گواستنەوەی به کۆمەڵ یان تاك بە تایبەت لە کۆمەڵگای پیشەسازی، پەیوەندییەکانی کەسە نزیکەکان لاواز دەکات، زیاتر خێزان جۆری (ناوەکی)(*) دەبێت کە زیاتر لەگەڵ سروشتی ژینگەی پیشەسازی دەگونجێت، ئیدی خێزان نابێتە بەرپرسی زۆرینەی هەلی کار ئەگەر هاتو ئەم ئەرکە بدرێتە دەزگای تایبەت و لەژێر چاودێری حکومەت و ئاراستەی کات.[1]

گەشە پێدانی (سەرمایەی مرۆیی) ئەمڕۆ له جیهاندا کاری جدی لەسەر دەکرێت، بوونی چانسی کارکردن بۆ هەر تاکێك مافێکی ڕەوای هەموو کەسێکه، ئاماژەیەکی گرنگە لەسەر بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاو خێزان، مرۆڤ دەبێت ببێتە مەبەستی گەشە پێدان نەك بەکاربهێنرێ، له هەر گۆڕانێکدا دەسەڵات دەبێت ئاسایش و خۆشگوزەرانی نەوەکان لەبەرچاو بگرێت. بە تایبەتی توێژی گەنجان، هەندێك لە غیابی نەبوونی پلان بۆ کۆمەڵگای گەشه سەندوو "گەنج" وەکو بار قورسیەك دەبینێ بەسەر کۆمەڵگاوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی وەکو چارەسەری زۆربەی کێشەکان سەیری ئەم توێژە دەکات لای روونە کە توێژی گەنجان فاکتەرێکی کاراو کاریگەرن لە بابەتی گەشە پێدان توانای کارو بەرهەمیان هەیە خاوەنی وزەو توانای بەخشەرن، ئەگەر ئەم توێژە بێکاربوون لەمپەریان هاتە پێش، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەشە پێدانی مرۆییش لەمپەری بۆ دێتە پێش و کارەکانی بەرەو پێش ناڕوات.

3-ئەو کێشانەی بەهۆی کێشەی ژیاریەوە دروست دەبن و کاریگەری دروست دەکەن لەسەر خێزان:

کاتێك کێشەی ژیاری بە روونی دەردەکەوێت، پێشکەوتنەکانی لایەنی مادی کۆمەڵگا خێراتره له پێشکەوتنی لایەنی (قیەمی، بەها، عورف و عادات). هەڵنەکردنی هەردوو لایەنەکە لەگەڵ یەکدی ئەبێتە هۆی دەرکەوتن و دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ یەکەی کۆمەڵگاو تووشی هەڵوەشان و لێکترازانی دەکات. ئەم مەترسیانه دەبێت دیسپلین بکرێن و چارەسەر بکرێن کاتێك گۆڕانێکی مادی دێتە کایەوە هاوتەریب بێت لەگەڵ پلە بەندییەکانی عورفی کۆمەڵگاو دوای لێکۆڵینەوە لە سروشت و هۆکارو دەرئەنجام بە شێوازێکی تیۆری و پراکتیکی. دەسەڵاتی سیاسی کاراو سەرکەوتوو

(*) خيَزاني ناوةكي: بريتية لة خيَزاني بضوك كة ثيَكديَت لة ذن و ثياو مندالأ لةذيَر يةك ضةتردا دةذين.

[1] حسن، إحسان محمد، علم الإجتماع الإقتصادي. مالَي حيكمة بؤ ثةخش و بلآوكردنةوة. 1990, ل 129.

[3] الطبيب، مولود زايد، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، سةرضاوةي ثيَشوو، ل 129.

كارێك دەكات تاكی كۆمەڵگا خۆی تێبگات و لەناو پرۆسەی سیاسی بەشداری پێدەكات بۆ ئەوەی لە پرۆگرامی گۆڕان و ڕێڕەوی كۆمەڵگا ئاگادار بێت و هیچ بەربەستێك ڕێگر نیە لە گەشە پێدانی سێكتەرەكانی كۆمەڵگا، پرۆسەی گەشەو پیشەسازی لە كۆمەڵگا، گۆڕانێكی خێرا دروست دەكەن لە دەزگاكانی ئابووری، بەڵام دەزگا بونیادیەكانی دیكەی كۆمەڵگا بەم ڕەوتە خێرا ناڕۆن، واتە گەشە پێدان پیشەسازی بەرهەم دێت لە خێرایی بەرهەمەكان و گۆڕانەكانی ئابوری، بەڵا/ گۆڕانی فیكری و بەهاكان لەسەرخۆ دەگۆڕێن. وەكو باوەڕ نەبوون بە تازەگەری و نوێ بوونەوە، ترسان لە شتی داهێنراو، خۆخستنە كەنار، ڕێزنەگرتنی كار وخۆش نەویستنی وەكو بەهایەك، باوەڕ نەبوون بە مافی ئافرەت و ڕۆڵی لە كۆمەڵگادا، كە ئەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی نیوەی وزەی كۆمەڵگا.[1]

دەسەڵاتی سیاسی سەركەوتوو بە پلانێكی وردو پرۆگرامی روونەوە كاردەكات بۆ بڵاوكردنەوەو چەسپاندنی بەهاو ڕەفتارە كۆمەڵایەتیەكان كە پاڵنەرن بۆ بزاوتی گەشەو زانست و تەكنۆلۆجیا لە كۆمەڵگادا، بەها كۆمەڵایەتیەكان جۆرێكە لە نۆرمی ڕەفتاری ئەخلاقی پەیوەندی بە نۆرمەكانی ترەوە هەیە بە شێوەیەكی دیاریكراو هەموو سیستمێكی كۆمەڵایەتی- كشتوكاڵی بێت یان پیشەسازی- بەهاو ڕێكاری كۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە.[2]

4- دواكەوتنی گەشەی كۆمەڵایەتی بە هۆی كاریگەری سیاسیەوە:

ابن خلدون ئەڵێ: "شارستانیەت پێداویستی و پێویستی دروست ئەكات" شارستانیەت پێشكەوتن هێندە ئەوەی پێداویستیەكانی مرۆڤ بەرهەم دەهێنێ، پێویستەكانیشی بۆ دروست ئەكات، یەكێك لە سیماكانی ئەم سەردەمە نوێیە كەڵەكە بوونی دەردو كێشە جۆر بە جۆرو زۆرەكانە لەناو كۆمەڵگادا. كاتێك بارودۆخی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی خراپ دەبێت بەهۆی كەڵەكە بوونی كێشەكان، تێكەڵ بوونی پێوەرەكان، بەربڵاوی دەسەڵات بۆ دیسپلین كردنی ڕەفتار، كۆمەڵگا دەڕواتە قۆناغێكەوە پێی دەڵێن (ئەنومیا -Anomia)، (تێكەڵ بوونی پێوەرەكان) لە كۆمەڵگای تەقلیدی و سانا كاتێك پەیوەندی ژیاری و ڕۆشنبیری دروست ئەكات لەگەڵ ئەو كۆمەڵگایەی پیشەسازو پێشكەتوو، یەكێك لە گرنگترین نەگۆڕەكان كە لە دیاردەی تێكەڵ بوونی پێوەرەكانی كۆمەڵایەتی دەردەكەوێت ئەو هەڵوەشاندنەوە خێرایی یە لە جومگەی ئەخلاقی كۆمەڵگا دەردەكەوێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێتە خۆرەی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیە باوەكانی ناو خێزان (یەكەی خزم و خزمی دوور) لە كۆمەڵگا بە شێوەیەكی گشتی، یەكێك لە كێشە سەرەكیەكانی گەشەی تەكنۆلۆجی دروستی كردوە بوونی كێشەیە نەبوونی بالانسە لە ژینگەی خێزان هەڵوەشاندنەوەی خێزان ئاسان دەكات، مرۆڤ وەكو ئامێرێك كاردەكات و تواناكانی داهێنانكاری لەناو ئەبات. كێشەكانی تاوان و تاوانی مێردمنداڵان تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران، هەڵوەشاندنەوەی نۆرمە باشەكانی كۆمەڵگاو پێوەرە ئەخلاقیەكان و كێشەی مادەی هۆشبەرو چەندەها كێشەی تری كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی.[1] بە هۆی ئەو گواستنەوە خێرایە لە كۆمەڵگایەی باو بەرو كۆمەڵگایەكی گەشە سەندوو هەنگاو دەنێت، بەڵام بە بێ پلان و لێكۆڵینەوە لە سایكۆلۆجیەتی و پێگەی كۆمەڵگا، كۆمەڵێ گرفتی گەورە دێتە بەرهەم كە خودی گەشەو گواستنەوە دەبێتە كێشە. زانایانی خۆرئاوا گرنگی زۆریان داوە بە سەقامگیری كۆمەڵایەتی دژی گۆڕانی خێرا بوون وەكو (دوركایم، ماكس فیبر، كولی بارینو، راد كلیف راون، مالینوفسكی). گرنگیان بە لایەنی پێوەر داوە بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی، دەستنیشانی جۆری نۆرمی ڕۆشنبیری دەكات كە كۆمەڵگا وەكو سیستمێكی ئەخلاقی سەیر دەكات لە ناوەرۆكدا، بۆیە دامەزراوەیی و ئارامی بینای كۆمەڵایەتی بەندە بە دامەزراوەیی سیستمی نۆرم لە كۆمەڵگادا.[2]

5- گەندەڵی دەسەڵاتی سیاسی و كاریگەری لەسەر خێزان:

گەندەڵی سیاسی بە واتای خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتی گشتیە بۆ مەبەستی ناڕوون و نەخوازراو هەندێ جاریش نهێنیە بۆ بەرژەوەندی تاكەكەس بەكاردەهێنرێ. هەموو جۆرەكانی سیستمی سیاسی گەندەڵی سیاسی تووش دەبێت و بە جۆرەكانیەوە بەربڵاوترینی جۆرەكان پێدانی پارەی (ڕەشوەو بەرتیل) و هەڕەشە كردن و خزمایەتی و بەكارهێنانی دەسەڵات بۆ گزی كردن لە پارەو سامانی گشتی.

كێشەكە خۆی لەوەدا گەورەتر دەبێت گەندەڵی سیاسی چالاكیە نایاسایەكان ئاسانتر دەكات وەكو (كوشتن، دزی كردن، لادانی ڕەفتاری، مادەی هۆشبەر، سپی كردنەوەی پارە، لەش فرۆشی) جۆریەتی گەندەڵی سیاسی لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر دەگۆڕێت.

بنەبڕكردنی گەندەڵی سیاسی و ئیداری و سامان، پێویستی بە سێ مەرج هەیە:

1-ڕوونی (الشفافیه) لە كاری دەوڵەت و دەزگاكانی.

2-دەسەڵاتی دانایانە (الحكم الرشید)، واتە دانایی لە بەكارهێنانی سەروەت و سامان و باش هەڵبژاردنی سیاسەتی ئابووری.

3-لێپرسینەوەی قانونی لەسەر بەرپرسانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی گەندەڵی.

سیاسەتی هەڵەی دەوڵەت كە پشت بە زانیاری دورست نابەستێ، چانسی زۆر بۆ كۆمەڵگا لە دەسئەچێت، لەوانەش وەبەرهێنانی سامانی ئابووری و وزەیی مرۆیی بە شێوەیەكی باشتر.

(1) الجوهري، عبدالهادي، دراسات في علم الإجتماع السياسي، كتێبخانەی نەهزەی شەرق، 1985, قاهیرە، ل 82.

(2) الطبیب، مولود زاید، التنشئة السیاسیة ودورها في تنمیة المجتمع، سەرچاوەی پێشوو، ل 134.

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل 138.

(2) الدنس، محد (التغییر الإجتماعي بین النظریة والتطبیق) ماڵی (مەجدة لاوي) بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە،عمان 1987، ص 35.

**لە رووی ئەخلاقیەوە، ئەو تێڕوانینە نامێنێ بۆ پیشەو کار وەك پێویستی یەکەمی ژیان بۆ مرۆڤ، خەڵکی تێڕوانینیان بۆ دڵسۆزی و ئەمانەت و پاکدەستی گوماناوی دەبێت و متمانەیان نامێنێ.**

**لە ئاستی ئابووری و سیاسی ئەو تێڕوانینە ریشە دائەکوتێ کە ئەڵێ: ئەوەی پارەی هەبێت دەسەڵاتی هەیە بە پێچەوانەشەوە. لە رێگای قۆستنەوەی پێگەی بەرپرسیارێتی بۆ بەدیهێنانی تاییە تمەندی و قازانج پێچەوانەی یاساو عورفە باوەکانی کۆمەڵگایە، هەندێ جار بڕیارە ئابووریەکان لە بەرژەوەندی خزم و کەسو کاردا دەدرێت بە تاییەتی لەم کاتەدا سیستمی سیاسی شەرعیەتی خۆی لە دەستداوە، چونکە وەرگرتن و تێکەڵی هاووڵاتی لەگەڵ دامو دەزگاکاندا کەم دەبێتەوە (رکود) وەستانی سیاسی و ئابووری (الإغتراب السیکولوجی)(*) روو ئەدات، خەڵك بەشداری لە پڕۆژەکانی حکومەتدا ناکات کە راستگۆیی لە دەستداوە.**

**زۆربەی ئەزمونەکانی گەشەسەندن هاوکات بووە لەگەڵ گەندەڵی سیاسی و ئیداری و سامان (مالی). وەکو ئەوەی کۆماری سێیەمی فەرەنسا روویدا هەروەها ئیتالیا. بەڵام گەشەی بەردەوام (التنمیە المستدامە) زۆر گرنگەو پێویستە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی بۆ دەست بالابوونی سەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەروەها چەسپاندنی یاسایی بوونی سیستمی سیاسی بە گشتی لە رێگای وەڵامدانەوەی هیوایو خۆزگەی هاووڵاتیان بۆ ژیانی ئازادو ئاسوودە، یارمەتی دەریان بێت لە بەشداری بڕیارەکانی سیاسی و ئابوریدا بکەن کە ئەکرێت گەشەی داخوازراو بێنێتە کایەوە بە بێ ئەوەی بەرپرسانی دەسەڵات دەوڵەمەد بن بە رێگای نایاسایی، کە ئەبێت لێپرسینەوەیان لێبکرێت بە پێی یاسا.**

## پێشنیار:

**1-خێزان هەوڵبدات تاکەکانی هۆشیار بکاتەوە بەرامبەر بە ئەرك و مافیان لە خێزان و کۆمەڵگا، گرنگی تاییەت بدات بە تاکەکانی رۆڵی خۆیان ببینن.**

**2-خێزان هەوڵبدات کار لەسەر کاڵکردنەوەی ئەو رەفتارە باوانە بکات کە ئێستا لە کۆمەڵگادا هەیەو بەرژەوەندی ئەخاتە مەترسیەوە کار بکات بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێش بردنی ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا دەگونجێن.**

**3-دەزگاکانی پێگەیاندنی سیاسی بەرپرسانە کاربکەن بۆ هۆشیارکردنی تاك و دوور بکەونەوە لەو پەروەردە نابەرپرسانەی تاکەکانی خێزان بەرەو مەترسی هەڵدێران دەبات.**

**4- پرۆگرامی قوتا بخانەکان ئاراستەو رێنمونی کار بن بۆ گەشە پێدانی هزری تاك بەرامبەر بە ئەرك و مافەکانی.**

**5-دەسەڵات هەوڵ بدات راگەیاندن بە شێوازێك ئاراستە بکات خزمەتی گواستنەوە ژیاریەکان بکات و رەچاوی بەهاو نۆرمی کۆمەڵگە بکات.**

**6-دروستکردنی بارودۆخی ئایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ ئەوەی خێزان پەیوەست کات بە خاك و نیشتمانەوە.**

**7-دەسەڵاتی سیاسی کاربکات بۆ بەرقەرار بوون و چەسپاندنی (یاسا) لە کۆمەڵگادا بۆ کەمکردنەوەی تاوانە نەخوازراوەکان و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو.**

**8-لەناوبردنی خووە خرا پەکان وەکو دەمارگیری بنەماڵەو تۆڵە سەندنەوەو توندڕەوی و دوژمنایەتی و رێزنەگرتنی مافی ئافرەت. وە گۆڕینی بە بەهای پۆزەتیڤ و ئەرێنی وەکو (ئازایەتی و هەروەزی و راستگۆیی و دڵسۆزی لە کاردا، بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگاو هەموو پەیوەندیە رەفتاریەکانی رۆژانەی رۆڵەکانی خێزان لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجیدا بێت کە سیمای سەردەمی نوێیە.**

**9-دەزگاکانی پێگەیاندنی سیاسی کاربکەن بۆ خزمەتکردنی لایەنی نەرێنی ئاراستەکردنی تاکی خێزان لە پێناو هاووڵاتی باش و ئەو هاووڵاتیەی لە داهاتوودا چاکساز دەبێت تێئەکۆشێ لە پێناو نیشتمان و خاکەکەی و ئازادیەکانی.**

**10-دەسەڵاتی سیاسی پلانی وردو درێژخایەن دابنێت بۆ ئەوەی رێگری بکات لە بەربەستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو خێزان و کێشەکانی ژیاری و مرۆڤایەتی سروشتی دەزگا بونیادیەکان.**

**11-خستنە گەڕی توانا مرۆییەکان و زۆرکردنی هەلی کار بۆ گە نجان و خستنە گەڕی تواناکان بۆ بەرژەوەندی سێکتەرەکانی کۆمەڵگاو بوژانەوەی خێزان.**

**12-دەسەڵاتی سیاسی هەوڵبدات دەسەڵاتێکی روون ئاشکرا بێت دەسەڵات بەکاربهێنێ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، لە پێناو سەقامگیر بوونی رەوشتی کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی گەشە سەندوو.**

(*) الإغتراب السیکولوجي (نامؤبووني دةرووني): هةستکردن بة تةنيايي لةناو كؤمةلأ، يان ثيَي دةلَيَن (الوسواس القهري) كة لة هةستكردن بة ضةوساندنةوةوة دروست ئةبيَت.